


www.regayislam.com
www.regayislam.com/vb

| ناوەرۆك | لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی | 3 |
| ڕێگای یەکەم : ئاراستە و بیرو هۆشی گشتی . | 5 |
| ڕێگای دووەم : هاندانی چاکەکاران بۆ نەفەقەو خێر کردن لەومانگەی کە چاکەکان دووبارە دەبنەوە . | 6 |
| ڕێگای سێ یەم : ڕوکردنە دێهات و لادێکان و خێڵەکان . | 7 |
| ڕێگای چوارەم : سەردانی کۆمەڵی گەنجان | 7 |
| ڕێگای پێنجەم : شەڕ ڕاگرتن لە گەڵ هۆیەکانی ڕاگەیاندن | 8 |
| ڕێگای شەشەم : دوعاو پاڕانەوە پێش ڕۆژوو شکاندن | 9 |
| ڕێگای حەوتەم : چاکەکردن لە گەڵ دایك و باوك | 10 |
| ڕێگای هەشتەم : دانیشتن لە مزگەوت دوای نوێژی بەیانی | 10 |
| ڕێگای نۆیەم : مەشقردن و خۆ ڕاهێنان بە ڕاکردن لە سەرپێچی | 11 |
| ڕێگای دەیەم : بەکارهێنانی سیواك لە ڕەمەزاندا | 12 |
| ڕێگای یانزە : عومرە کردن لە ڕەمەزان | 13 |
| ڕێگای دوانزە: بڵاوە کردنی زانست لە لادێ و دێهاتەکان | 13 |
| ڕێگای سێزدە : عەسری ڕۆژی پێنجشەم | 14 |
| ڕێگای چواردە : پێشکەشکردنی ووتاری دوای نوێژی عەسر | 15 |
| ڕێگای پانزە : خوێندنەوەو ووتنەوەی وانەو بابەتی فیقهی دەربارەی ڕۆژوو لە لایەن پێشەوای مزگەوت | 15 |
| ڕێگای شانزە : سندوقی فەتوا | 16 |
| ڕێگای حەڤدە: تابلۆی ئاگاداریەکان | 16 |
| ڕێگای هەژدە : خەڵاتی ڕەمەزان | 16 |
| ڕێگای نۆزدە : خێزانی موسڵمانان | 17 |
| ڕێگای بیست : دوعاو پاڕانەوە | 17 |
| ڕێگای بیست و یەك : زیندوکردنەوە سوننەتی ( الاعتكاف ) | 18 |
| ڕێگای بیست و دوو: فتارکردنەوەی بە کۆمەڵ | 18 |
| ڕێگای بیست و سێ : دۆستایەتی و خۆشەویستی لەگەڵ ئەوانەی نایەنە مزگەوت تەنها لەڕۆژانی ڕەمەزان نەبێ | 18 |
| ڕێگای بیست و چوار : ئاهەنگ گێڕان بۆ داەش کردنی دیاری | 19 |
| ڕێگای بیست وپێنج: کردنەوە حەلقە بۆ جوان خوێندنی قورئان | 19 |
| ڕێگای بیست و شەش : کردنەوەی حەلقەیەك بۆ قورئان خوێندن لە ماڵەوە | 20 |
| ڕێگای بیست و حەوت : خوێندنەوەی قورئان و بیر لێکردنەوە | 21 |
| ڕێگای بیست و هەشت: وانەی ڕێگاو بان و شوێنە گشتیەکان | 21 |
| ڕێگای بیست و نۆ : سوربوون بە گەیشتنی ( الله أكبر ) ی نوێژدابەستن | 22 |

| | |
|---|---|
| 23 | ڕێگای سی : بێدارکەرەوەی بێ ئاگایان |
| 24 | ڕێگای سی ویەك:خێرو بەخشین بە نهێنی بۆ گشت موسڵمانان وبە بایبەتی گرینگی پێدەرانی مانگی ڕەمەزان |
| 24 | ڕێگای سی و دوو : کاتی سەحەر و پارشێو جوانترین کاتە بۆ موناجاتی خوا |
| 25 | ڕێگای سی و سێ : نیەت پاکی و زۆر زیکر کردن لە کاتی کاروباری ماڵ |
| 26 | ڕێگای سی و چوار: کڕینی جل و بەرگ بۆ جەژن لە سەرەتای ڕەمەزان |
| 27 | ڕێگای سی و پێنج : نوێژی تەراویح لە مزگەوت |
| 28 | ڕێگای سی و شەش : دانانی نەخشەی خۆراکی ڕێك و پێك |
| 29 | ڕێگای سی و حەوت: قۆستنەوەی کاتی حەیز و دوای منداڵ بوون بە زیکرو کرداری چاك |
| 30 | ڕێگای سی و هەشت : هاندانی منداڵان لەسەر پارێزگاری کردنیان لە نوێژەکان |
| 31 | ڕێگای سی و نۆ : ڕاهێنانی منداڵان لەسەر رۆژوو و کاری چاکە |
| 31 | ڕێگای چل: |
| 32 | کۆتایی |

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

# چل ڕێگا بۆ قۆستنەوەی مانگی ڕەمەزان

## پێشەکی

ئەم پەرتوکە بنەماکەی لە سەر فەرموودەی پێغەمبەرە ﴿درودی خوای لێبێت﴾ کە دەفەرموێ : ﴿ ليبلغ الشاهد منكم الغائب ﴾ واتە : ئەوانەی ئامادە و گوێبیست بوونە با ڕابگەیەنن بەوانەی بزرن و ئامادە نین و پێیان بڵێن .

### ئەگەر بۆ ئەم چل ڕێگا و بیرۆکەیە فەرموودەم بۆ نەهێناوەتەوە بە هۆی ئەم هۆکارانەیە :

یەکەم : گەر فەرموودەم باس بکردایە ئەوە پەرتوکەکە درێژ دەبوویەوە .

دووەم : لێرە مەبەست خستنە ڕوی بیرۆکەیە نەك باس کردنی دەقەکان .

سێ یەم : ئایەت و فەرموودە لە گشت بوارەکانی بانگەوازدا زۆر زۆرە .

ئەی خۆشەویستان ئەو ڕێگاو بیرۆکانە ئادەمیزادێك داینـاوە کە هەڵەو کەم و کوڕی دێتە پێش , داوام لەخوایە لە هەڵەکانم ببورێ و , یارمەتی دەرم بێت . ئەم بیرۆکەو ڕێگایانەی لە ژێر دەستتایە لە ژێر ناونیشانی ٭ چل ڕێگا و بیرۆکە بۆ قۆستنەوەی مانگی ڕەمەزان ٭ لەوانەیە خوێنەر گشتی نەخوێنێتەوە بە بیرۆکەی ئەو بگاتە پەنجا و زیاتریش , بەڵام ئەمانە هەمووی لە ژێر ڕۆشنایی گشتگیری دەقەکانن .

### هەر بیرۆکەیەکیش بێتە کایەوە دەبێ دوو مەرجی هەبێ تا ڕاست و دروست بێ:

یەکەم : ئەم ڕێگایانەی بۆ دادەنرێن کە لە لایەنی شەرع ڕێپێدراو و موباح بن.

دووەم : بیرۆکەو ڕێگاکان بتگەیەنێتە ئامانج و مەبەست بپێکێ .

## هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بەخاتری ئەم هۆیانە بوو :

**یەکەم :** چۆن ڕەمەزان بقۆزینەوە و لە ڕەمەزاندا چی بکەین ؟
ئەم جۆرە پرسیارانە زۆر دەبیستین لە وانەی کە زۆر سوورن بۆ بەندایەتی کردن و ڕێگەچارە بۆ بەدەست هێنانی پاداشتی زۆر .

**دووەم :** لەدەستچونی زۆر لە شەوانی ڕەمەزان بە گەمەو گاڵتەو , ڕۆژەکانیش بە تەمبەڵی و نوستن , بەڵکو ئەم ڕێگایانە ببن بە هاندەرێك بۆ ووشیار بوونەوەمان .

**سێ یەم :** بە ئاگاهاتنێکی پیرۆز و ئاڕاستەیەك بۆ هێزی کارو بەندایەتی و بانگەواز بۆ لای خوا .

**چوارم :** ڕەمەزان دێت و دەڕاوت , ئا بەم شێوەیە میوانداریمان دەکا , بێ ئەوەی خۆمانی بۆ مەڵاس بدەین و , لە کەمتەرخەمی خۆمان هیچ پرۆژەیەکیشمان نیە تا بگەین بە هەڵەکانمان و ڕاستیان بکەینەوە .

**پێنجەم :** ڕەمەزان تەواو کەری ڕوکنەکانی ئیسلامە و بەبێ ئەو تەواو نابێ , بۆیە جێگای گرنگی پێدانە و , پیرۆزترین شەویش ﴿ شەوی قەدر ﴾ هەر لە ناو ئەم مانگە پیرۆزەیە و , مانگی لێخۆشبوون و سڕینەوەی تاوانەکانە .

ئیبن تەیمیە دەڵێ : لە ڕێڕەوی پێغەمبەر ﴿ درودی خوای لێبێت ﴾ لە مانگی ڕەمەزان , جۆرەها بەندایەتی و عیبادەتی دەکرد , جوبرائیل وانەی قورئانی پێ دەوتەوە , سەخیترینی ئادەمیزاد دەبوو , لە خێرو چاکەکاری و , خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و نوێژ و زیکرو یادی خوا و , مانەوە لە مزگەوت و , ڕەمەزانی تایبەت دەکرد بە چەند جۆرە عیبادەتێك کە مانگەکانی تر ئەم تایبەتمەندیەیان نەبوو .... هتد .

## هەندێك ئاگاداركردنەوەتان پێ دەدەم پێش دەست پێ كردن و باس كردنی ڕێگاكان :

**یەكەم :** باس و بابەتەكان كورت و پوخت دەبن بە گوێرەی توانا و درێژە دارِنینی بۆ ناكەم .

**دووەم :** ئەم بیرۆكە و ڕێگایانە دووبارەن , بەڵام بۆ بیرخستنەوە باسیان دەكەم .

**سێ یەم :** ئەم ڕێگاو بیرۆكانە بۆ بڵاو كردنەوەیە و , دروستە كەم و زیادی بۆ بكرێ .

## ڕێگای یەكەم

## ئاراستە و بیرو هۆشی گشتی

**یەكەم :** پێت خۆشە دووجار ڕەمەزان بەڕۆژوو بیت ؟ چۆن ؟

وەڵامەكە لەم فەرمودەیە دایە : زید بن خالد الجهنی رضی الله تعالی عنه عن النبی ﷺ صلی الله علیه وآله وسلم ﷺ : " من فطر صائماً كان له مثل أجره غیر أنه لا ینقص من أجر الصائم شیئاً " واتە : هەركەسێك خواردن بە ڕۆژووەوان بدا بۆ فتار كردنەوە , ئەوە پاداشتی وەك ئەوە و , پاداشتی ڕۆژووەوانەكەش كەم نابێتەوە .

وێنەی جۆراو جۆر هەیە بۆ بەدەست هێنانی ئەم پاداشتە گەورەیە فتار بە دوو ڕۆژووەوان بكەیتەوە ﴿ واتە نانی كاتی ڕۆژوو شكاندنیان لە كاتی خۆر ئاوابووندا بۆ ئامادە بكەیت ﴾ , یان فتاركردنەوە بە هاوسێكانت دەبێتە پاداشتی دووجار بەڕۆژوو بوون , لە هەمان كاتدا سیلەی ڕەحمە و چاكەو خێرە .

## ڕێگای دووەم

## هاندانی چاکەکاران بۆ نەفەقەو خێر کردن

## لەو مانگەی کە چاکەکان دووبارە دەبنەوە

دڵەکان ئامادەکراوە بۆ گشت کرداری چاکە , بەتایبەتی لە ڕەمەزاندا بۆنەکان زیاتر دەبن بۆ زۆر لە خێزانەکان .

ئەو بۆنانە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان و ئافرەتان کۆدەکاتەوە جا بۆچی ئەم کۆبوونەوەیە ناقۆزیەوە ؟ چۆن ؟

دەتوانی ئەم هەڵە بقۆزیەوە بە دانانی سندوقی بچوك بۆ ئەو خێر و خێراتانەی کە زیادن بۆ براو خوشکانمان لە گشت جێگایەك بنێردرێن , خێرو صەدەقەکان کۆ بکرێنەوە لە لایەن دەزگاکان بە ڕێك و پێکی لە لایەنی هەردوو چینی پیاوان وئافرەتانەوە , هیچ گومانی تیا نیە کە ئەمە دەرگایەکی گەورەیە لە دەرگاکانی خێر و چاکە .

برایەك هەر لەناو خانەوادەکەی بەم کارە هەڵساو زۆر سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا , دەبێ بزانین کە باری موسڵمانان لە گشت شوێنێك باش نیەو خراپە , ئێمەش وەك ئەرکێکی سەرشانمان هەر تاکێکی کۆمەڵگا دەتوانی بەم کارە هەڵسێ , ئەگەر تەنها خۆی بێت توانای هەیە و , دەبێ برین و ئێش و ئازارو نەگبەتی موسڵمانان چارەسەر بکرێن , پێغەمبەر ﷺ درودی خوای لێبێت ﷺ دەفەرموێ :

" مثل المؤمنين فى توادهم وتراحمهم وتعاطفهم مثل الجسد الواحد إذا إشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى " واتە : وێنەی بڕواداران لە خۆشەویستی و بەزەیی و ڕەحم و سۆزیان وەك یەك لاشە وایە گەر یەك ئەندامی سکاڵای کرد ﷺ بەهۆی نەخۆشی ﷺ گشت لاشەی هاوار دەکا و دەناڵێ بە تاو خەو زڕان . وەهیچی تیا نیە گەر لە سەر سندوقەکان بنوسرێ کە ئەم خێراتە بۆ : فەقیرو هەژارنی ناوەوە یان دەرەوەیە ... ئینجا هەرچی بنوسرێ گرینگ نیە , گرینگ ئەوەیە لەگەڵ ئاهو ناڵەی هەژارو نەدار بین .

## ڕێگای سێ یەم

## ڕوکردنە دێهات و لادێکان و خێڵەکان

قۆستنەوەی کۆتایی هەفتەکان , ڕەمەزان چوار هەفتەیە , داوامان لە گەنجان هەیە لە گشت کۆتایی هەفتەیەکی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا ڕوو لە دێهات ولادێکان بکەن , بۆ دابەشکردنی خێرو صەدەقەکان , بۆ ئەو شوێنانەی پێوستدارن و نەدارو هەژارن و , دابەشکردنی نامیلەکەو سیدی و کاسیەت , چونکە زۆربەی خەڵکی شار بێ پێویستن لەم جۆرە شتانە و هەموو جۆرە ڕێگایەکیان بۆ فەراهەمە , وە گەر نەتوانرا با ڕێکخراو و دەزگا خێرخوازەکان لەم مانگە بەم کارە هەڵسن و خواردن بە خەڵکی بدەن , چونکە پاداشتی لە مانگەکانی تر زۆر زیاترە , ئێمە تەمبەڵی و سستیمان ناوێت لە نێوان ماڵ و منداڵ بە گەرم و گوڕی دابنیشی و موسڵمانانیش لەم شوێنانە پێویستیان بە یارمەتی ماددی و ڕۆحی هەبێ و بە نەفامی بمێننەوە .

## ڕێگای چوارەم :

## سەردانی کۆمەڵی گەنجان

ئەمەش لە پێشنیاری گشتیە لە لایەن بانگخوازانەوە و قوتابیانی زانست و چاکسازی , خۆشویستنی چاکەو وریایی و بە ئاگا هاتن بۆ کۆکردنەوەی گەنجان و دانیشتن لەگەڵیان , پێشکەش کردنی کاسیەت و پەرتوك بۆیان , بەڕاستی ئەم گەنجانە شکیان هەیە کە ئێوە جێتان هێشتبن و وازتان لێیان هێنابێ ئەی خۆشەویستان ئەوان ئێوە تۆمەتبار دەکەن بە کەمتەرخەمی , ئێوە هۆکاری گەورەن بۆ بێ ئاگابوونیان لە خودا , پۆزش دەهێننەوە بەوەی کە خۆیان شەرم دەکەن ئەگەرنا خۆیان بۆ لاتان دەهاتن ئەمە ووتەی هێندێکیانن , جا لەم مانگە پیرۆزەدا زیاتر هەوڵ بدە لە گەنجانی بێ ئاگا نزیك بیتەوەو , کاریگەری ڕەوشتی جوانی خۆت کاری تێبکات .

# ڕێگای پێنجەم

# شەڕ ڕاگرتن لە گەڵ هۆیەکانی ڕاگەیاندن

ئەمەش لە ئاراستەی گشتیە , گەر تۆ یەکێك بی لەوانەی تاقیکراونەتەوە بە هەندێك لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە ماڵی خۆت , بۆ بیر ناکەیتەوە ئەی برای خۆشەویست ئەی پێشەوای خەڵکی ؟ بۆ بیر لە گرێبەستی ڕاگرتنی ئەم شەڕە ناکەیت لە گەڵ خاو و خێزانت و خانەوادەت و منداڵانت لە ماوەی ئەم مانگە پیرۆزەدا بە وازهێنان و دوورکەوتنەوە لەم هۆکارانەی ڕاگەیاندن ؟ ئەمەش بە هاندان و قسەی چاك و باش .

هەر هیچ نەبێ لە ماوەی ئەم مانگەدا بەڵکو ببێت بە سەرەتای کۆتایی هاتنی ئەم هۆکارانە گەر خوا ویستی لەسەر بێت , هیچ گومانی تیا نیە ڕەمەزان گەورەترین هۆکاری کە پەروەردەی گیانی تیایە , گەر لە ماوەی ئەم مانگەدا نەتوانی وازلەم بێ فرمانی خواییە بهێنیت ئەی کەی و لە چ مانگێك ؟ بە تایبەتی هەموو نەفسێك ئامادەکاری هەیەو شەیتانەکانیش لە مەڵسدان .

هەوڵ بدە ئەی برای بەڕێز پشت بە خوا ببەستە تۆ لەگەڵ دڵت ڕاست ببە گەر خوا ویستی لەسەر بێت لەمەولا یارمەتی و وەڵام بۆ خاووخێزانت دەبینی .

وە هەروەها ئاواتەخوازم لە ماوەی ئەم مانگەدا خوێندنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەکایش ڕابگیرێ هەتا ئەگەر موباحیش بێت .

سەلەفی صالح و ﴿ خوا لێیان ڕازی بێت ﴾ ئەوەی شوێنکەوتەی بەرنامەی ئەوانە دانیشگەی قسەیان وازلێدەهێنا , هەتا وازیان لە زانستیش دەهێنا لە مانگی ڕەمەزان بۆ خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و بەندایەتی و شەو نوێژ لەم مانگەدا .

ئایا بۆ ماوەی یەك مانگیش ناتوانی واز لە هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بێنی!!! .

## ڕێگای شەشەم

## دوعاو پاڕانەوە پێش ڕۆژوو شکاندن

کاتی فتار کردنەوە و پێش بانگدان بەچەند دەقەیەك تاوێکی بەنرخ و بەڕێزە , باشترین کاتە بۆ دوعاو پاڕانەوە و داواکردن لە خوا , ئەم کاتە لەم کاتانەیە کە دوعا تیایدا قبوڵ دەبێ هەروەك لە فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ درودی خوای لێبێت ﷺ هاتووە , " ثلاث دعوات مستجابات : دعوة الصائم ، ودعوة المظلوم ، ودعوة المسافر" واتە : سێ کاتی دوعا قبوڵەو وەڵامی دەدرێتەوە : دوعاو پاڕانەوەی ڕۆژووەوان , دوعاو پاڕانەوەی ستەم لێکراو , دوعاو پاڕانەوەی ڕێبوار .

بەندەی بە ڕۆژوو دوعای قەبوڵە لە گەڵ ئەوەشدا زۆربەی خەڵکی لێی بێئاگان لەو تاوە تایبەتانەدا , جا بۆچی بیر ناکەینەوە ئەی خۆشەویستان ئەم کاتانە بە زیادەوە بقۆزینەوە و سوور بین لەسەر بەرزکردنەوەی دەست بۆ لای خوا .

چاودێری ئەو کاتانە بکە زۆر خەڵکی بێئاگا دەبینی لەم کاتانەدا !!

بە هەمان شێوە ئەوەی جێ ی سەرسوڕمانە کۆبوونەوەو دانیشگە لە ڕێگاکان و بەر دەرگاکان دەبینین لە لایەن هەندێك لە گەنجان بەڵکو لە لایەن هەندێك لە باوکان , گەر بە جادەو کۆڵانەکاندا تێپەڕی سەیری ڕاست و چەپت بکە ئەم کۆبوونەوانە دەبینی تا پێشی خۆر ئاوابوون و بانگ دان , وە جگە لەم کاتانەشدا هەندێك لە ئافرەتان نیوەی کاتەکانیان لە دەرەوە بەسەر دەبەن ئەمەش لەم مانگە پیرۆزە یەکجار دیاردەیەکی ناوازەیە .

## ڕێگای حەوتەم

## چاکەکردن لە گەڵ دایك و باوك

چاکەکردن بۆ دایك و باوك و نزیك بوونەوە لێیان و جێبەجێ کردنی پێداویستیەکانیان و مل کەچ بوونیان و , هەوڵدان بۆ فتار کردنەوەو ڕۆژوو شکاندن لە لایان , هەندێك لە گەنجان زۆربەی ڕۆژووی لای ماڵ و منداڵی فتاردەکاتەوە یان لای هاوڕێکانی , لەگەڵ دایك و باوکی دانانیشێ و فتار لە لای ئەوان ناکاتەوە تەنها کەمێك نەبن , هیچ گومانی تیا نیە چاکەکردن لە گەڵیان لە گەورەترین نزیك بوونەوەکانە لە خودا , خوا چاکەی ئەوانی بەستۆتەوە لەگەڵ یەکتاپەرستی و بەندایەتی .

بە هەمان شێوە یەکێك لە کەمتەرخەمی دەربارەی مافی دایك و باوك , لە ماوەی ئەم مانگە پیرۆزەدا هەندێك لە کچان بە ڕۆژ زۆر دەخەون و بە شەویش خەو دەزڕێنن و ناخەون , یان زۆر لە ماڵ دەردەچن , یان زۆر قورئان دەخوێنن و دایکیشی بەتەنها لە چێشتخانەیە بۆ ئامادەکردنی پێداویستیەکانی فتار کردنەوە و پارشێو , لەوانەیە گەر دایك فرمانی پێ بکا یان قەدەغەی بکات لە شتێك بە نارێکی وەڵامی بداتەوە , ئەو لەم بەندایەتی و عیبادەتە گەورەیە بێئاگایە کە مافدانە بە دایك و باوك و ڕێزگرتنیان .

## ڕێگای هەشتەم

## دانیشتن لە مزگەوت دوای نوێژی بەیانی

نوستنی خەڵکانێك لە شەوانی ڕەمەزان چەوسانەوە دەچێژن لە قۆستنەوەی ئەم کاتە پیرۆزو بەرەکەتدارە , وەك دوورکەوتنەوە لە نوێژی بەیانی , یان کاتی پارشێو , ئێمە لە ڕەمەزاندا دەبینین چاڵاکەکان چۆن لە دوای نوێژی بەیانی لە

مزگەوتەكان دەمێننەوە , بەڵام ئێستا دەبینین مزگەوتەكان بـەتاڵن ئەوەنـدە بـە خێرایی نوێژخوێنان زوو بۆی دەردەچن چۆڵی دەكەن .

خۆ ئەگەر ئادەمیزاد هەندێك لە شەو نوسـت بـۆ زیـاتر بەدەسـت هێنـانی خێـرو چاكە و , بۆ زیندو ڕاگرتنی ئەم سوننەتە پـیرۆزە كـە دانیـشتنە لـە دوای نوێـژی بەیانی تا خۆر هەڵدێ پاشان دوو ڕەكعات نوێژ بكات پاداشتی حـەج و عـومرەكی هەیە , بەم فەرموودەی پێغەمبەر ﴿ درودی خوای لێبێت ﴾ " من صلى الفجر فى جماعة ، ثم قعد يذكر الله حتى تطلع الـشمس ، ثـم صـلى ركعـتين كانـت لـه كأجر حجة وعمرة تامة تامة تامة " واتە :هەركەسێك نوێژی بەیانی بە كۆمـەڵ بكات , پاشان دابنیشێ تا خۆر هەڵدێ و , پاشـان دوو ڕەكعـات نوێـژ بكـات , ئـەوە بـە ئەنـدازەی پاداشـت و خێـری حـەج و عومرەیـەكی هەیـە , خـۆ ئەگـەر لـە مزگەوتیش ئەم كارەت بۆ نەڕەخسا یان ئافرەتان بۆیان نـاگونجێ ئـەوە جیـاوازی نیە لە ماڵ و حوجرەی خۆت ئەم هەڵە لە كیس خۆت مەدە .

## ڕێگای نۆیەم

## مەشقردن و خۆ ڕاهێنان بە ڕاكردن لە سەرپێچی

گەر تۆ لەوانە بیت كە تاقیكرابیتەوە لە سەر گوناه و سەرپێچی و خراپـەكاری , یـان هـۆگری بـوی و لەسـەر ڕاهـاتوی و جـودا بوونـەوە گـران و قـورس بێـت , بەڕاستی ڕەمەزان پشوویەكی گەورەیە بۆ ئارامگرتن و درێـژە پێـدان و بـەردەوام لەسەر چاكەو وازهێنان لە خراپەكاری , شەیتانەكان بەستراونەتەوە و نەفسەكان شكانراون و , ڕۆحیش كاریگەری لە سەرە , خەڵكیش لـە دەوروبـەرت بـەڕۆژوون و شـەوانە بەخـەوەرن , كـاتێكی لـەبارە بـۆ دووركەوتنـەوە لـە خراپـەكاری ئـەو سەرپێچیانە وەك : جگەرەكێشان , ڕەمەزان پـشوویەكی زۆر گـەورەو بـەهێزە بـۆ وازهێنـــان و تـــەرك كردنـــی جگەرەكێـــشان , وەهـــەروەها ســـەیركردنی قەدەغەكراوەكان و , غەیبەت و باسی خەڵكی و , قسە هێنـان و بـردن و نەمیمـە

و ,گوێبیستنی گۆرانی و , یان زمان پیسی , یان جگە لەوانە لە هەر خراپەکاریەك , داوا لە خوا دەکەم بمانپارێزی و یارمەتی هاورێکانمان بدات لەسەر وازهێنان لە خراپە .

ئەی برای خۆشەویست ... ئەی خوشکی سەنگین ... من دەڵێم داوای یارمەتی لە خوا بکەو پشتی پێ ببەستە , خاوەن توانایەکی بەهێز بە , ئەم ئارەزوانەت بەسەردا زاڵ نەبێ کە سەرپێچیە , سوێند بەخوا بێ ورەیی و بێ تواناو بێ هێزی و لاوازیە .

## رێگای دەیەم

## بەکارهێنانی سیواك لە رەمەزاندا

سیواك بە کارهێنان سوننەتێکی بەردەوامی پێغەمبەرە ﴿درودی خوای لێبێت﴾ , واتە موئەکەدە وازی لەم سوننەتە نەهێناوە تا کۆتا هەناسەی ژیانی پیرۆزی , وەك عیبادەتەکانی تر پاداشتەکەی دووبارە دەبێتەوە , گرینگترین دەرگای چاکەیە کە بێ ئاگاین لە رەمەزاندا .

جگە لە پاداشتەکەی سودەکانی سیواك زۆرە کە خەڵکی زۆر لێی بێ ئاگان , بە تایبەتی لە چینی ئافرەتان , لەوانەیە ئەو سوننەتە هەر نەبینی و نەبیستی لە نێوان ئافرەتان , تۆ سەیری هاوسەرو کچ و کورەکانت دەکەی زۆر بەکەمی سیواکیان بە دەستەوە دەبینی , زۆر لە ئافرەتانی چاك و ناودارو هاوەڵەکان و ئەوانەی لە سەر رێبازی ئەوانن ﴿ خوا لێیان رازی بێت ﴾ بەردەوام بوونە لەسەر بەکارهێنانی سیواك , جا خۆ رازاندنەوە و بەهرەمەندبوون بە ئاکارەکانی پێغەمبەرە ﴿ درودی خوای لێبێت ﴾ باشترین کات و شوێنی بۆ ئامادەبکە بۆ راهێنان و بەردەوام بوون .گەر خێر خوازان ژمارەیەکی زۆر لە سیواك لە مزگەوتەکان ئامادە بکەن بە بۆنەی هاتنی مانگی پیرۆز و , بەسەر موسڵمانانەدا بەشی بکەن , ئەوە ئەم سوننەتە زیندوو دەکریتەوە کە خەڵکێکی زۆر لێی بێ ئاگایە .

## ڕێگای یانزەم

## عومرە کردن لە ڕەمەزان

عومرە لە ڕەمەزاندا بەراورد دەکرێ لەگەڵ حەج و بەرامبەر پاداشتی حەجە , پێغەمبەر ﴿ درودی خوای لێبێت ﴾ عومرەی ڕەمەزانی نەبەستۆتەوە بە دە شەوەکەی کۆتایی ڕەمەزان , هەروەك زۆر لە خەڵکی بەستویەتیانەوە , هیچ گومانیشی تیا نیە کە پاداشتی زیاترە گەر لە دە شەوەکەی کۆتایی بێت .

گەر سەیری عومرەی دە شەوەکەی کۆتایی بکەین دەبینین کە چ جەنجاڵی و ئیزدیحامێکە , خەڵکی خراپ لە نێو بازاڕو ڕێگاکانن , بەهۆی ئەم هۆکارنە دەتوانین سوور بین لەسەر عومرە کردن لە سەرەتای ڕەمەزاندا , لە سودەکانی عومرە لە سەرتای ڕەمەزان کاتت بۆ فراوان دەبێت کە لە دە شەوەکەی کۆتایی ﴿ الاعتکاف ﴾ بکەی واتە لە مزگەوت بمێنیەوە , یان هەڵسان بە پێداویستیەکانی خاووخێزان و ماڵ و منداڵ و دایك و باوك و لە گەڵیان دابنیشی و بەهرەمەند ببن لە ڕەوشتە بەرزەکانت , وە موسڵمانان سودت لێ ببین لە شوێنەکانی تر وەك مزگەوت و ماڵەکان و لای هاوڕێکانت .

## ڕێگای دوانزەم

## بڵاوە کردنی زانست لە لادێ و دێهاتەکان

هەندێك لە گەنجان بەم کارە هەڵسن لە لادێ و دێهاتەکان و خێوەکان وانە بڵێنەوە و ڕێنمونیان بکەن , ئەم بیرۆکەیە زۆر پیرۆزە چونکە خەڵکی نەفام زۆر زۆرە , لەوانەیە زۆر شوێن هەبێ کەس نەبێ پێشنوێژیان بۆ بکات , ئەگەر هەشبێ زۆر بە غەڵەت و پەڵەتی ئەنجامی دەدەن , ئەگەر پێشنوێژیان نەبێ لەوانەیە نەتوانن وەك خۆی بڕیارو یاساکانی شەریعەت بگەیەنن , گەر سەیری

هاوەڵەکانی پێغەمبەر بکەین ﴿ درودی خوای لێبێت ﴾ ئایا لە مەدینە ماونەتەوە ؟ نەخێر , پەرت و بڵاو بوینە بە پارچەکانی زەویدا بۆ پەرەپێدانی ئەم ئاینە , ڕویان لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا کردووە بۆ بانگەوازی ئەم ئیسلامە , بەڵام لەسەر گەنجانی ئەمڕۆ بارگرانیە کە بە کارێکی ئاوا هەڵسن , من دەڵێم تۆ پێویست نیت لەم شوێنەی کە لێی جێنیشی بمینێیتەوە بۆ یارمەتی دانی خەڵکی چونکە گەر لە لادێیەك سێ کەس بەم کارە هەڵسن بەسیەتی , گەر ئاوقاف یان دەزگاکانی خێرخوازی و ڕێکخراوەکان بەم کارە هەڵسانایە لەم جۆرە شوێنانە کاریگەری زۆرمان دەبینی .

## ڕێگای سێنزەم

## عەسری ڕۆژی پێنجشەم

ئەم بیرۆکەیە بۆ گشت دەزگاکانی بانگخوازیە , قۆستنەوەی عەسری ڕۆژی پێنجەشەممە لە گشت هەفتەیەکدا لە ڕەمەزاندا , هەڵسان بە پێشکەش کردنی ووتار و کۆڕی گشتی , یان پێشبڕکێی ڕۆشەنبیری .

جا بۆ عەسری پێنجشەممە ؟

چونکە زۆربەی خەڵکی پشویان وەرگرتووە , دەست بەتاڵن و ڕازی دەبن و لە دڵیان خۆشە , هیچ گومانی تیا نیە ئەم جۆرە پرۆژانە و ئاگادارکرنەوانە نزیك بوونەوەیە لە خوای گەورە .

# ڕێگاو بیرۆکە بۆ پێشەوایانی مزگەوت

## ڕێگای چواردەم

## پێشکەشکردنی ووتاری دوای نوێژی عەسر

بـا پێـشەوایانی ئوممـەت ئاگـاداربن خـوا لیێـان ڕازی بێـت بەرپرسـیاری زۆر گەورەیان لەسەر شانە , گەر ئەوانە نیەتی خۆیان بۆ خوا یەکلایی بکەنەوە و بە واجبی خۆیـان هەڵسن ئـەوە کاریگـەری زۆری دەبێـت , نـاڵێم تـەنها لـە شـوێنی نیشتەجێبوونیان بـەڵکو لـە گشت شوێنێك پێویستە , هەنـدێك لـە پێشوایانی مزگەوت وا گومان دەبەن کە بەس بەتەنها کاریـان و ئـەرکیان پێشنوێژی کردنـە بۆ خەڵکی , نەخێر نا, بەڵکو کارەکەیان گـەورەترە و ئـەرکیان زۆر زیـاترە , ئـەو ئەرکانــەی ئاراســتەیان دەکـرێ : لـە ڕۆژانـی ڕەمـەزان زۆرپێویـستە ووتارێـك بخوێنێتـەوە لـە دوای نوێـژی عەسر , هەر ڕۆژەو لـە سـەر بابـەتێك , بـە گوێرە جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکەکە , ڕۆژێك بە گوێرەی بەتەمـەن و گـەورەکان , ڕۆژێك بە گوێرەی گەنجان و ئاستی جیاواز ,

## ڕێگای پانزەم

## خوێندنەوەو ووتنەوەی وانەو بابەتی فیقهی دەربارەی ڕۆژوو لە لایەن پێشەوای مزگەوت

پێشەوای مزگـەوت بۆچـی وانـەو بابـەتی ڕۆژوو بـۆ خـەڵکی ڕوون ناکاتـەوە لـە یەکێك لە پەرتوکەکانی فیقهی باوەڕپێکراو , وەکو وانەیـەك بـە خـەڵکی گـەڕەك بڵێت و تێان بگەیـەنێ , خـەڵکی زۆر پێویـستیان بـە شارەزابوونیانە لـەم ڕوکنـە گـەورەو پـیرۆزە لـە ڕوکنـەکانی ئیـسلام , ئـەوان لـە زۆر لـە یاسـاو بڕیارەکـانی نەفامن . بۆچی بەڵێنێك بە خۆت نادەی بە بڵاو کردنەوەی پـەرتوك و نامیلکەو ... هتد دەرابارەی یاساو حوکمەکانی ئەم مانگە پیرۆزە ,

## ڕێگای شانزەم

## سندوقی فەتوا

دانـانی سـندوقی فـەتوا لـە لایـەنی پیـاوان و ئافرەتـان بـە تایبـەتی لـەم مانگـە پـیرۆزەدا و , کۆکردنـەوەو وەڵامدانـەوەی لـە ماوەیـەکی کورتـدا , زۆر لـە خـەڵکی پێویستیان بە زۆر وەڵامی پرسیارەکانیان هەیە — بە تایبەتی لـە ڕەمـەزان — لـە بارەی ئاینی خۆیان پێویستدارن بـەڵام تەمبـەڵی دەکـەن — یـان چـینی ئافرەتـان لەوانەیە بەهۆی شەرم و شکۆیان نەتوانن بە وەڵامی پرسیارەکانیان بگەن — . گـەر سـندوقی ئـا لـەم جـۆرە دابنـرێ سـوددارو ئاسـانکاری دەبـێ بـۆ خـەڵکی و فەتوادەر .

## ڕێگای حەڤدەم

## تابلۆی ئاگاداریەکان

دانـانی و گرینگـی دان بـە تـابلۆی ئاگاداریـەکان بـۆ مزگـەوت زۆر پێویـستە , بـۆ ئاگادار کردنەوەی خەڵکی لە گۆڕانکاریەکان و بۆنە ئاینیەکان , بە هەڵواسینی لە سوچێکی مزگەوت .

## ڕێگای هەژدەم

## خەڵاتی ڕەمەزان

دابەشکردنی پەرتوك و کاسـیەت و سـیدی ... هتـد ئەگـەر لـە هەفتەیەکدا یـەك ڕۆژیش بێت لە کاتی قۆستنەوەی بۆنەکان کـە نوێـژخوێنان کۆدەبنـەوە کـارێکی زۆر پیرۆزو گەورەیە , گەر لە گشت هەفتەیەکیش ئەم کارە ئەنجام نەدرا , بـا لـە ڕەمـەزان یـەك جـار بێـت بـۆ خـەڵکی گـەڕەك و نوێـژخوێنان بـە نـاوی دیـاری ڕەمەزانەوە چەندەها پەرتوك و سیدی لە بابەتە فیقهیـەکان و یاسـاکانی دابـەش بکرێت .

## ڕێگای نوزدەم

## خێزانی موسڵمانان

لەســەرەتای ڕەمەزانــەوە ئامــادەکردنی پێــشبڕکێیەکی خێزانــی و دابەشــکردنی خەڵات بەسەر براوەکان لە کۆتایی ڕەمەزان لە شەوی جەژن , بە بەژداری پیاو ئافرەت و گەورەو بچوك لە خەڵکی گەڕەك , کۆمەڵێك دابنرێن بۆ بەڕێوەبردنی ئــەم جــۆرە پێــشبڕکێیانەو , کۆمــەڵێك لــە خێرخــوازانیش بــۆ ئامــادەکردنی خەڵاتــەکان , ئینجا لــە مزگــەوت یــان لــە هۆڵێــك , بــە سەرپەرشــتی پێــشەوای مزگەوت یان کەسێکی لێهاتوو , ئەوە بۆ سەرقاڵ کردنی خەڵکی و تێگەیانـدنیان لە بابەتە فیقهیەکان بە ڕێگایەکی ئاسان , خۆ ئەگەر بە خواپەرستی و عیبـادەت و قورئان خوێندن کاتیـان بـە سـەر نەبـەن ئـەوە خـۆ سـەر پێـچی نیـە و باشـترە لـەوەی لـە سـوچ و کۆڵانـەکان کۆببنـەوەو بـاس و خواسـی خـەڵکی بکـەن توشـی جۆرەها گوناه و تاوان ببن .

## ڕێگای بیستەم

## دوعاو پاڕانەوە

میوانداری کردنی هەندێك لـە بـانگخوازان و قوتـابی زانـستی شـەرعی لـە لادێ و گەڕەك بۆ ئاراستەکردنی ووتارو ئاخافتنێکی کـەم بـۆ چـەند خولەیـەك لـە دوای نوێژی تەراویح یان دوای نوێژی عەسر یان هەرکاتێکی تر بێت .

## ڕێگای بیست و یەك

## زیندوكردنەوە سوننەتی ( الاعتكاف )

بانگكردنی خەڵكی گەڕەك بۆ ئیعتیكاف و مانـەوە لـە مزگـەوت بـۆ بەندایـەتی و خواپەرستی كردن ئەگەر بۆ یەك ڕۆژیش بێت لە سـاڵێك , بڵاوكردنـەوەی سـۆزو خۆشەویستی لە نێوان كۆمەڵەی مزگەوت و , دیاركردنی ڕۆژێكی دیاری كـراو بـۆ مانەوە لە مزگـەوت و بـە خـەڵك ڕابگەیـەنن كـە فلانـە شـەو دەمینێنـەوە , بـە تایبەتی لە شەوانی قەدر ڕابگەیـەنرێ , ئـەوە پاداشـتێكی زۆر گـەورەی تیایـە و , یارمەتی دانە لەسەر خێرو چاكە .

## ڕێگای بیست و دوو

## فتاركردنەوەی بە كۆمەڵ

بـانگكردنی خـەڵكی مزگـەوت و گـەڕەك بـۆ فتـار كردنـەوەو ڕۆژوو شـكاندن لـە مزگـەوت , ئەگـەر تـەنها بـۆ یـەك ڕۆژیـش بێـت لـە مانگێكـدا , بـۆ زیـاتر خۆشەویستی و دڵسۆزی خەڵك و كۆمەڵ و ئەهلی مزگەوتە .

## ڕێگای بیست و سێ

## دۆستایەتی و خۆشەویستی لەگەڵ ئەوانەی نایەنە مزگەوت تەنها لە ڕۆژانی ڕەمەزان نەبێ

قۆسـتنەوەی پـشویەك بـۆ ئەوانـەی دواكـەوتوون لـە نوێـژی بەكۆمـەڵ جگـە لـە ڕۆژانی ڕەمەزان , چونكە ئەوان تەنها لە ڕۆژانی ڕەمەزانـدا ئامـادەی نوێـژی بـە

کۆمەڵ دەبن , یان تەنها لەم مانگە نوێژ دەکەن ئەوەش شتێکی ترسناك و دڵ تەنگیە , هەروەك بڵێی ئەوانە تەنها لە ڕەمەزان خوا دەناسن , پێویستە ئەم پشویە بقۆسترێتەوەو ئاگادار بکرێنەوە کە ئەوەی بە ئەنقەست نوێژ نەکا کافر دەبێ بەفەرمودەی پێغەمبەر ﴿ درودی خوای لێبێت ﴾ " العهد الذى بيننا وبينهم الصلاة فمن تركها فقد كفر " ئەوەش لەم کاتەدا کە بەسەر دڵیاندا زاڵ بوون و خۆشەویستیتان لە دڵیان ڕواند بە خوڕەوشت جوانیتان و سڵاو لێکردنیان و سەردانی کردنیان و , دیاری پێشکەش کردنیان .

## ڕێگای بیست و چوارەم
## ئاهەنگ گێڕان بۆ داەش کردنی دیاری

هەڵسان بە ئاهەنگ گێڕانێکی بچوك بۆ خەڵکی گەڕەك بە بۆنەی جەژن , جا چ لە شەوی جەژن بێت یان لە شەوێکی تر بێت , لەم ئاهەنگەدا دیاری و خەڵات بۆ براوەی پێشبڕکێی مانگی پیرۆز دابەش بکرێ , لە خەڵکی گەڕەك دیاری بچوك بەسەر گەورەو بچوکدا دابەش بکرێ , بۆ ئەوەی زیاتر خۆشەویستی دڵسۆزی لە نێوانیاندا زیاد بکات .

## ڕێگای بیست و پێنجەم
## کردنەوە حەلقە بۆ جوان خوێندنی قورئان

بۆچی ئەوانەی کاروباری مزگەوت بەڕێوە دەبەن لە گەنجان هەڵناستن بە کردنەوەی حەلقەی جوان خوێندنی قورئانی پیرۆز , تا ببێت بە هاندەرێك بۆ ئەوانەی قورئان ناخوێنن , یان سستی و تەمبەڵی دەکەن , ئینجا لە نێوان خۆیان کاتێك دیاری بکەن و تیایدا کۆببنەوە و بە خۆشترین دەنگ قورئان

بخوێنرێ و سەرنجی دەوروبەر ڕابکێشێ , خۆ ئەگەر لە مزگەوتیش ئەم بوارەی پێنەدرێ , ئەوە لە نێو پارك و جێگای گشتی دەتوانن ئەم خواپەرستیە بکەن , چونکە دوو لایەن سود دەبین یەکەمیان گەر یەکێکیان قورئان خوێنێکی لێهاتوو بێت بۆ ئەو خواپەرستی و فێر کردنی خەڵکە دووەم ئەوەی داوای فێربوون دەکات , وە سوددار دەبێ بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکان لە ووشکانی قورئان کە هەستیشی پێ ناکەین .

## ڕێگای بیست و شەشەم

## کردنەوەی حەلقەیەك بۆ قورئان خوێندن لەماڵەوە

دەزانین زۆر لە باوکان لە دوای نوێژی عەسر دادەنیشن و قورئان دەخوێنن , گومانی تیادا نیە کە ئەمە کارێك باشە و پاداشتیان دەدرێتەوە , بەڵام گەر پرسیاری لێ بکەی ئێستا منداڵەکانت لە کوێن ؟ ئێستا کچەکانت سەرقاڵی چین و چی دەکەن ؟ لەوانەیە نەزانێ , یان خەوتون , یان سەیری تەلەفزیۆن دەکەن , یان لە کۆڵانن , ئێمە دەڵێین : بۆ باوك حەلقەیەکی قورئان خوێندن لە ماڵی خۆی ناکاتەوە لە دوای نوێژی عەسر بۆ کچ و کوڕەکانی .

بە دیاری و خەڵات هانیان بدات بۆ بەردەوام بوونیان , بەم کردارە دەستکەوتی گەورەت دەست دەکەوێت :

یەکەم : پاراستنی منداڵەکانت لە بەرنامەو خراپەکاری تەلەفزیۆنەکان و هەندێك کاتیان دەکوژی بە باشترین سەرقاڵی .

دووەم : هاوبەشی کردنی کچەکانی کە دەبن بە قوربانی کراو و بێ ئاگان لە پەروەردە کردنیان و چاودێری کردنیان لە سەر کاتەکانیان .

سێ یەم : زیندووکردنەوەی ماڵ بە زیکرو یادی خوا و پڕ کردنی بە کەشێکی ئیمانی و ڕوحانی لە جیاتی گۆرانی و بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و زنجیرە فیلمەکان بەتایبەت لە مانگی ڕەمەزان .

چوارەم : بە هێزکردنی پەیوەندی خێزانی لە نێوان باوك و منداڵەکانی .

پێنجەم : هەوڵدان بۆ ختم و تەواوکردنی قورئان لەم جۆرە حەلقانەدا .

## ڕێگای بیست و حەوتەم
## خوێندنەوەی قورئان و بیر لێکردنەوە

ڕەمەزان بەسەرماندا دەڕوات و لەوانە زۆر جار قورئانمان تەواو کردبێ و لەوانەیە کێشەمان ئەوەبێ ئایا کەی دەگەینە کۆتا سورەت لە قورئانی پیرۆز .
گومانی تیادا نیە کە ئەمە پاداشتێکی گەورەی بۆ هەیە , بەڵام بۆچی بەرنامەو پیلانێك دانارێژین لە ماوەی ئەم مانگەدا بیر لە ڕاڤەو مانای قورئان بکەینەوەو بگەڕێینەوە لای تەفسیرەکانی .
ئیبن تەیمیە دەڵێ : بۆ یەك ئاتیەت لەوانە سەیری سەد تەفسیرم کردبێ ! پاشان داوام لە خوا دەکرد کە تێمبگەیەنێ و دەڵێم ئەی فێرکاری ئادەم فێرم بکە ...
ئاواتە خوازم گەنجان و خوێندەواران لە کاتی قورئان خوێندنیاندا تەفسیرەکانیان لا بێت , چونکە بە دڵنیاییەوە ئەوەی لەم مانگەدا بۆی دەرەخسێ لە مانگەکانی تر بۆی نارەخسێ , ئەوکاتە تام و چێژ دەبینی گەر لە واتاکانی بگەیت .

## ڕێگای بیست و هەشتەم
## وانەی ڕێگاو بان و شوێنە گشتیەکان

ئەوە بۆ کۆبوونەوەی گەنجانە ئینجا لە شەقامەکان یان پارك و ڕەشماڵ و چادرو هەرچی بێت کە کاتی خۆیان تیایدا بەسەر دەبەن , یان بە سەیر کردنی تەلەفزیۆن و یاری و چەنابازی و لەو جۆرە سەرقاڵیانەی ئەمرۆ گەنجان پێیەوە سەرقاڵن , من بەو گەنجانە دەڵێم بۆ بیر لە بەرنامەی سوددار ناکەنەوە لە

شەوانی ڕەمەزان ؟ بە گوێرەی توانا لە جیاتی بەسەر بردنی کاتەکانتان بە شتی بێ هودەو بێ سوود .

بۆ نمونە نیو کاتژمێر کۆببنەوە بۆ خوێندنەوەی قورئـان , لەوانەیـە بڵێن ئێمـە زۆر گوناه دەکەین , ئـەوە نـاگونجێ و قورئـانیش تـەنها دەبـێ بـە ملکەچـی بێـت ئەوە لە ئێمە نایەت !

دەبێ بزانی کە خوای گەورە دەفەرموێ : " إن الحسنات يـذهبن الـسيئات" واتـە : کردەوەی چاکە خراپەکان دەسڕێتەوە , پێغەمبەریش ﴿ درودی خوای لێبێـت ﴾ دەفەرموێ : وأتبع السيئة الحسنة تمحها " واتـە : لـە دوای خراپەیـەك چـاکەیەك بکە , چاکەکە خراپەکە دەسڕێتەوە .

## ڕێنمونی و پێشنیار تەنها بۆ گرینگی پێدەرانی مانگی ڕەمەزان

### ڕێگای بیست و نۆیەم

### سوربوون بە گەیشتنی ( الله أكبر ) ی نوێژدابەستن

من دەڵێم :گەر لـە نوێـژو الله أکبری دابەسـتنی نوێـژی بەکۆمـەڵ  وورد ببینـەوە زۆر کەمتەرخـەمی ئاشـکرا لـە خۆمـان دەبیـنین , بـۆ ڕەمـەزان نـەبێت بـە پشوویەکی لەبار بـۆ ڕاست کردنـەوەی ئـەم هەڵەیـە ؟ ئەمـەش بـە بەڵێنـدان بـە خۆمان کە دەبێ بە ﴿ الله أكبر ﴾ ی نوێژ دابەستن ڕابگـەین و لەدەسـتی نـەدەین لە ماوەی ئەم مانگەدا , گەر سەرکەوتوو بویت ئەوە لـە مـاوەی دە ڕۆژیتریـش لـە دوای ڕەمەزان بەردەوام ببە تـا دەبێتـە چل ڕۆژ تـۆ لـە ئـاگرو دوڕویـی پـارێزراو دەبـی , هـەروەك پێغەمبـەر ﴿ درودی خـوای لێبێت ﴾ دەفـەرموێ  " مـن صلى أربعين يوماً فى جماعة يدرك التكبيرة الأولى كُتب له براءتان من النار وبراءة مـن النفاق " واتە : هەر کەسێك چل ڕۆژ بە الله أكبری دابەسـتنی نوێـژی بـە کۆمـەڵ گەیشتبێ دوو بێ تاوانی بۆ هەیە پاك دەبێ لە ئاگر و دوڕویی .

پاشانیش زۆر هەوڵ بدە تا سەرکەوتوو دەبیت لە ڕاست کردنەوەی ئەم هەڵەیە , جا بۆ چی زیاتر سور نابیت لەسەر سوننەتەکان و دوور کەوتنەوە لە غەیبەت و نەمیمەو زمان پارێزی تاوەکو لە دوای ڕەمەزانیش پارێزگاری لـە خـۆت بکەی , لە شەو نوێژ بێ ئاگا مەبە و , لە خێر و خێرات و صەدەقە خۆت سست مەکە و , سـیلەی ڕەحـم جـێ بـەجێ بکـە و , یارمـەتی خـەڵی فـەقیرو هـەژار بـدەو , سـەردانی نـەخۆش و گۆڕستان و .... هتـد , خـۆت لـە گشت چاکەکان بـێ بـەش مەکە , لـە هـەر خێرێـك بەشـێکت لێـی هـەبێ , ئـەم مانگـە پـشوویەکە دەتـوانی توێشوی زۆری تیادا کۆبکەیتەوە کە لە مانگەکانی تر ئـاوا بـە ئاسـانی نیـە , خـوا کردەوەی چاکی زۆر بکات بە بەشی ئێمە و ئێوە .

## ڕێگای سی یەم

## بێدارکەرەوەی بێ ئاگایان

بۆچی ئـەم فرسـەتە ناقۆزیـەوە ئەوانـەی بـێ ئاگـان بێـداریان بکەیتـەوە چـونکە زۆرجار ئەوانیش لەم مانگەدا ئامادەی مزگەوت و نوێژی بە کۆمەڵ و دانیـشگەی چاکە دەبن , بۆچی شەیتانەکانیان بۆ زنجیر ناکەی , بۆچـی دەرگـای بەهەشـتیان بۆ ناکەیتـەوە و , دەرگـای دۆزەخـیش داناخـەیت ؟ , ئەوانـەی کـە زۆر سـوورن و ئامادەکاری باشیان هەیـە لـەم مانگەدا بـۆ هەڵناسـتن بـە ڕێنمـونی خـەڵکی و بـە پشویەکی باشی دانانێن ؟ , لە گشت شوێنەکان , لە قوتابخانـەکان و شـوێنی کـارو هاوڕێکـان و فەرمانبـەران و ...هتـد , گـشت چـین و توێـژێکی کۆمـەڵگا ؟ کـوا دانیشگەی تاکەکەسی لەگەڵ هاوڕێکانی بێ ئاگا و ئامۆژگاری کردنیان و , خـەڵات و دیـاری پێـشکەش کردنیـان , بەداخـەوە ئەوانـەی زۆر سـوورو چـالاکن لـە بەدەستهێنانی خێر و چاکە زۆر کەم بیر لـەم بابەتـە دەکەنـەوە کـە زۆر جێگـای گرینگی پێدانە .

## ڕێگای سی و یەك

## خێرو بەخشین بە نهێنی بۆ بۆ گشت موسڵمانان و بە بایبەتی گرینگی پێدەرانی مانگی ڕەمەزان

خێر کردن لە ڕەمەزان شکۆ و پایەی تایبەتی هەیە لە لای موسڵمانان بۆ قبول بونی کردەوەکان , تۆ برای بەڕێزم تۆ زۆر پێویستداری بەم کردارە تا لە ڕۆژی دوایی بۆت ببێتە چەتڵ و سێ ﷺ بەرت بۆ بکات , بۆچی بەڵێنێك بە خۆت نادەی گشت شەوانی ڕەمەزان بەم کارە هەڵبستی ماڵی هەژارو نەدارن ئاوەدان بکەیتەوە , هەر ڕۆژەو جۆرە خێرێك بێت , ڕۆژەك خواردن ڕۆژێکی تر جل و بەرگ , ڕۆژێکی تر شیرینی .... ئا بەم شێوەیە , چونکە تۆ پێوستت بە خێرو چاکەی نهێنی نێوان خۆت و خوا هەیە تا لە ڕۆژی دوایی لە ژێر سێبەری خوادا بحەسێیتەوە کە هیچ سێبەرێك نیە جگە لە سێبەری ئەو نەبێ, هەروەك پێغەمبەر ﷺ درودی خوای لێبێت ﷺ ئاماژەی بۆ کردووە و دەفەرموێ : " رجل تصدق بصدقة فأخفاها حتى لا تعلم شماله ما تنفق يمينه " واتە : ﷺ یەکێك لەوانەی لە ژێر سێبەری خوادا دەحەسێنەوە لە ڕۆژی دوایی ﷺ پیاوێك بە نهێنی خێر و صەدەقە دەکا , بە شێوازێك تا دەستی چەپەی نازانێ کە دەستی ڕاستەی چی بەخشیە , بیرت نەچێ ئاگادار بوون سەرپەرشتی بێوەژن و هەژاران وەك جەنگاوەرێکی خوایە .

## ڕێگای سی و دوو

## کاتی سەحەر و پارشێو جوانترین کاتە بۆ موناجاتی خوا

هیچ گومانی تیا نیە لە ڕەمەزاندا بۆ پارشێو هەڵدەستین , تۆ لە کوێی لە ناو دوو ڕەکعات نوێژوو موناجاتی پەروەردگارت , زۆر لە خەڵکی لەم کاتە پیرۆزەدا

بێ ئاگان ! زۆر له خڵكی وا تێگه‌یشتوون ئه‌گه‌ر نوێژی ته‌راویح و ویتریان كرد ئه‌وه ده‌رگای ئه‌م كاته پیرۆزو به‌نرخانه‌ی لێ داده‌خرێ و به‌سیه‌تی ! به‌ڕاستی هه‌ڵسانه‌وه بۆ شه‌ونوێژی سه‌حه‌ر له سیفه‌تی ئه‌هلی به‌هه‌شته , هه‌روه‌ك ناوی هێناون و ده‌فه‌رموێ : " الصابرين والصادقين والقانتين والمنفقين والمستغفرين بالأسحار" . ئایا تۆ ئه‌م كاتانه‌ت به هه‌ڵ زانیوه و قۆستوتته‌وه ؟ ئه‌گه‌ر بڵێی به‌ڵێ له گه‌ره‌ترین داوای لێخۆشبوونه‌كان بكه‌و ﴿ سيد الاستغفار ﴾ زۆر دووباره بكه‌وه بۆ سه‌د یان حه‌وت سه‌د جار , ئه‌وه‌ت بیر نه‌چێ كه‌سێك خلوه و ته‌نیا له گه‌ڵ خوادابێ ئه‌وه له یه‌كێك ئه‌وانه ده‌بێ كه له ژێر سێبه‌ری خوادا ده‌حه‌سێنه‌وه له ڕۆژی دوایی , هه‌روه‌ك پێغه‌مبه‌ر ﴿ درودی خوای لێبێت ﴾ ده‌فه‌رموێ : " ورجل ذكر الله خالياً ففاضت عيناه " واته : پیاوێكه به ته‌نیا له گه‌ڵ خودایه و چاوه‌كانی فرمێسك ده‌ڕێژن .

برای خۆشه‌ویستم زۆر سوور به ئه‌م كاته پڕۆزه بقۆزه‌وه , خۆشكی موسڵمانم ئه‌م كاته گه‌وره‌یه‌ت له ده‌ست نه‌چێ , تۆ بۆ پارشێو له كاتی سه‌حه‌ردا هه‌ر به‌خه‌وه‌ری ! جابۆچی ئه‌م كاته پڕ به‌ره‌كه‌ت و به‌نرخه‌ت له ده‌ست بچێ .

## ئاڕاسته‌و بیرۆكه بۆ ئافره‌تانی باوه‌ڕدارو موسڵمان

### ڕێگای سی و سێ
### نیه‌ت پاكی و زۆر زیكر كردن له كاتی كاروباری ماڵ

له مانگی ڕه‌مه‌زانی پیرۆز ئافره‌تان زۆر له كاته‌كانیان له چێشتخانه به‌سه‌ر ده‌به‌ن به تایبه‌تی له كاتی پیرۆز و به‌نرخدا , وه‌ك كاتی خۆر ئاوابوون و كاتی سه‌حه‌ر و پارشێو , بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م كاته پڕ به‌هایانه‌ت به له ده‌ست چوون نه‌زانی , ده‌ست به‌م چه‌ند ڕێنماییه بگره :

أ- نیەتت لە گەڵ خوا پاك بكەوە لە ئامادەكردنی بەربانگ و پارشێو , ئەنەس دەگێڕێتەوە و دەڵێ ئێمە لە گەشتێك لە گەڵ پێغەمبەر بووین ﷺ درودی خوای لێبێت ﷺ هەندێكمان بە ڕۆژوو بووین هەندێكیش بەڕۆژوو نەبووین , ڕۆژێك زۆر گەرمامان بەسەردا هات ..., هەنێكمان بە دەستیان سێبەریان لە خۆیان دەكرد , بە ڕۆژووەكان كەوتن و ئەوانەی بەڕۆژوو نەبوون هەڵسان بە دروستكردنی شوینی حەسانەوەو سواریەكانیان ئاودان , پێغەمبەر ﷺ درودی خوای لێبێت ﷺ فەرمووی : " ذهب المفطرون اليوم بالأجر " واتە : ئەمڕۆ ئەوانەی بەڕۆژوو نەبوون پاداشتیان بەدەست هێنا .

ئەی خوشكی موسڵمان پاداشتی ئەم كردارانەت لەدەست ناچێ , تۆ بە كارێكی پیرۆز هەڵدەستی , بڕوا دەكەی گەر بڵێم پیاوان بێبەش بوون لەم چاكەیە گەورەیە ؟ چونكە ئەوەی نان بە ڕۆژووەوان دەدات پاداشتی گەورەیە .

ب- تۆ دەتوانی ئەم كاتانە بقۆزیەوە بۆ كارو چاكەی زۆر لە زیكرو ستایشی خواو و داوای لێخۆشبوون و پاڕانەوە .

ج- گوێبیستی قورئان و ووتار لە ڕێگای ڕادیۆ و كاسیەتی تایبەت بە چێشتخانە ﷺ پێویستە ئامێری تایبەت بە چێشتخانە بۆ ئافرەتان دابنرێ ﷺ چونكە ئافرەت زۆربەی كاتی لە چێشتخانە بەسەر دەبات .

## ڕێگای سی و چوار
## كڕینی جل و بەرگ بۆ جەژن لە سەرەتای ڕەمەزان

لە شەوان و ڕۆژانی ڕەمەزان بە تایبەتی دە شەوی كۆتایی چی ڕوودەدات ؟ زۆر لە كاتی ئافرەتان و سەرپەرشتان دەڕوات و لە دەستیان دەچێ , بە هۆی چوون بۆ پێشانگاكان و بەرگدرو و بازاڕ ... و ئەم كاتە بەنرخەیان ناقۆزنەوە , ئەم كارانە دەتوانرێ بەر لە گەیشتنی مانگی ڕەمەزان ئەنجام بدرێ , یان لە سەرەتاكەی كە بازاڕەكان چۆڵترن و نرخی كەل و پەلیش هەرزانترە , بۆچی

چاوەڕوانی جەنجاڵی و قەرەباڵغی و بازاڕی گران دەکەیت ؟! , سەرەڕای ئەم کردارە ئافرەتان بە گشتی کاروباری ماڵیان دەخەنە دەشەوی کۆتایی ڕەمەزان و ماڵ پاك دەکەنەوە بە بۆنەی جەژنەوە , هیوادارم واز لەم داب و نەریتە بهێنن و کاتەکانی خۆیان بە فیڕۆ نەدەن , ئینجا یان زووتر یان دوای جەژن ئەنجامی بدەن .

## ڕێگای سی و پێنج
## نوێژی تەراویح لە مزگەوت

نوێژی تەڕاویح لە سوننەتی بە کۆمەڵە , ئەم مانگە پیرۆزە هەستێکی ڕوحانی دەبەخشێ , کاتێك ڕیزی موسڵمانان و نوێژخوێنان دەبینی و , گوێ بیستی گریان و تەسبیحات و زیکرو یادی خوا دەبێت .

بەڵام ئەم خێرە هەندێك لە ئافرەتانمان لێی بێ بەشن , نەك بەهۆی کەمتەرخەمی خۆیان بەڵکو بەهۆی سەرقاڵیان و دانیشتنیان لەگەڵ منداڵەکانیان , دوو ڕێگا هەیە کە هەردووکیان قورسن :

یەکەم : یان بچنە مزگەوت لەگەڵ منداڵەکانیان , بەم شێوەیە ئازاری نوێژخوێنان دەدەن و سەرقاڵ دەبن .

دووەم : لە ماڵەوە لە گەڵ منداڵەکانیان دابنیشن و نەهێنە مزگەوت , خۆ ئەگەر نەهێتە مزگەوتیش ئەوە لەم خشوع و تامەی لە نوێژی بە کۆمەڵدا هەیە نایچێژێ و بێ بەش دەبێ , ئەی چی بکا ؟

من پێشنیارێکم هەیە : بۆچی کۆمەڵە خوشکێك ڕێك ناکەون لە یەکێك لە ماڵەکان , یەکێکیان سەرقاڵ بێت بە منداڵەکان و ئەوانەی تریش بچن بۆ مزگەوتەکان و نوێژی بەکۆمەڵ بکەن ﴿ بەتایبەتی گەر یەکێکیان لە سوڕی مانگانە بێت ﴾ .

من دەڵێم : لەسەر باوك و پیاوەكان پێویستە هانی خێزان و دایك و خوشكانیان بدەن بۆ چونە مزگەوت و , بێ بەش نەبن لەم هەستە ڕۆحانیە , تا كەی ئافرەتان بەتەنیا لە ماڵەوە بن وبێ بەش بكرێن لە ووتارو وانەی بە سود و نوێژی بە كۆمەڵ لە گەڵ موسڵمانان لە ماڵی خوا ؟! بێگومان دەرچونیان بۆ مزگەوتەكان زۆر سوودارە ئەگەربە شێوازەكی شەرعی و دوور لە غەیبەت و نەمیمە بێت , دەبێ ئەوەش بزانرێ كە نوێژی ئافرەت لە ماڵەوە باشترە بەڵام ئەم سودەی لە نوێژی بە كۆمەڵ لە مزگەوتەكان دەبینێ لە ماڵەوە ئەو هەستەی بۆ دروست نابێ .

ئەوەش لەبیر نەكەین چاكسازی ئافرەت چاكسازی كۆمەڵگایە , بۆیە دەبێ هانبدرێن بۆ چوونە مزگەوتەكان .

## ڕێگای سی و شەش
## دانانی نەخشەی خۆراكی ڕێك و پێك

گەر سەیری جۆرەها خواردن بكەین لەسەر سفرەی نان خواردن لە كاتی بەربانگ تۆ ناچار دەبی بڵێی ئەی ئافرەت بۆچی نەخشەو بەرنامەیەكی خۆراكی ڕێك و پێك دانارێژی بۆ گشت خواردەمەنیەكان لە گەڵ گشت ڕۆژانی هەفتە ؟ , ئایا مەرجە گشت ڕۆژێك هەموو جۆرێكی خواردن لەبەردەمان ببینین ؟ نا ئەمە مەرج نیە .

دانانی بەرنامە و نەخشە زۆر سوودارەو زۆر شت بەدەست دەهێنین وەك :

یەكەم : خۆراك بەفیڕۆنەدان و دەست بڵاویت لە سنوری شەرع دەرناچێ .

دووەم : خەرجی ماڵی و پارە كەم دەبێت .

سێ یەم : نوێكردنەوەی خواردنەكان و خواردنەوەكان و دوور كەوتنەوە لە ڕۆتین و بێزاری لە ژەمەكان .

چوارەم : پارێزگاری لە كاتی ئافرەت بۆ قۆستنەوەی كاتە بە نرخ و بەهاكانی مانگی ڕەمەزان , جێ بەجێ كردنی ئەم نەخشەیە زۆر سوودار دەبێ بۆ دەستكەوتنی گەنجینەی زۆر .

پاشان پێشنیارەكەم تایبەت دەكەم بە ئافرەت تۆ بەرپرسیاری لە بەرامبەر خوا گەر ئیسراف و زیادە ڕۆیی لە ئامادەكردنی خواردن بكەیت , پێغەمبەر ﴿ درودی خوای لێبێت ﴾ دەفەرموێ : " كلكم راع وكلكم مسئول عن رعيته . . ثم قال " والمرأة راعية فى بيت زوجها وهى مسئولة عن رعيتها " واتە : گشتتان شوانن و گشتتان بەرپرسیارن لە شوانیەتیەكەی , .... ئافرەت لە ماڵی مێردی شوانە و بەرپرسیارە لەم شوانیەتیە , دەبێ ڕەچاوی گشت لایەنێك بكەی , زۆر لە موسڵمانان ئاواتە خوازن لە هەفتانە ژەمێك لەو ژەمانەی ئێوە بۆ منداڵانیان ئامادە بكەن , گەر بیربكەیتەوە كە موسڵمانان لە چ برسیتیەك و ئاهو ناڵەیەكن لە ژەمێكدا ڕازی نەدەبوویت بە تەنها یەك جۆری خواردن زیاتر بخۆیت .

## ڕێگای سی و حەوت

## قۆستنەوەی كاتی حەیز و دوای منداڵ بوون بە زیكرو كرداری چاك

نوێژكردن لە كاتی خۆی گەورەترین ڕێگایە بۆ قۆستنەوەی ئەم مانگە پیرۆزە , ئەوەی تێبینی دەكرێ دواخستنی نوێژە لە كاتی خۆی لە چینی ئافرەتانەوە , بەهۆی ئامادەنەبوونی نوێژی بەكۆمەڵ و تەمبەڵی , دوایش بەخێرایی نوێژەكەی دەكا وەك دەنوك لێدانی قەلەڕەش ئینجا بە بیانوی كاری چێشتخانە یان ماندویی لە وانەخوێندن یان ماندویی بە ڕۆژووەكە ... جگە لەمانەش جۆرەها بیانوی تر دەهێنێتەوە , پێویستە ئافرەتان زۆر سوور بن بۆ ئەنجامدانی نوێژەكانیان لە كاتی خۆی بەتایبەتی لەم مانگە پیرۆزە , هەندێك لە ئافرەتان كاتێك دەكەونە حەیزو دوای منداڵ بوون واز لە كردەوەی چاكە دەهێنن , گەر

ویستی لەسەر بێت کردەوەی چاکی زۆر لەم بارودۆخانەشدا هەن , وەك پاڕانەوەو داوای لێخۆشبوون و زیکرەکان بەگشتی , وە موژدەیەکیشت پێ بدەم تۆ لە کاتی لەش ساغیت چیت ئەنجام دەدا ئەوە لەم بارودۆخەشدا هەمان پاداشتی کردەوەکانت بۆ هەیە , هەروەك پێغەمبەر ﴿ درودی خوای لێبێت ﴾ دەفەرموێ : " إذا مرض العبد أو سافر كتب الله له تعالى من الأجر مثل ما كان يعمل صحيحاً مقيماً " . واتە : گەر بەندە نەخۆش بوو یان لە گەشتدا بوو خوا پاداشتی بۆ دەنوسێ هەروەك چی لە کاتی چاڵاکی و جێنیشی ئەنجام دەدا .

## کۆتایی سێ ڕێگا لە ڕێگاو بیرۆکە بۆ منداڵان بە تایبەتی لە ڕەمەزاندا :

### ڕێگای سی و هەشت
### هاندانی منداڵان لەسەر پارێزگاری کردنیان لە نوێژەکان

پێشنیارێك بۆ پێشەوایانی مزگەوت کە گرینگی بە منداڵان بدەن بۆ پارساتنی نوێژەکانیان و زوو ئامادەی مزگەوت و نوێژی تەراویح ببن , بە قسەی جوان و خۆش نەك بە ڕق و ناچاری و دەرکردنیان لە مزگەوتەکان , من پێشنیارم بۆ پێشەوانیانی مزگەوتە گەر بگونجێ دە خەڵات ئامادەبکات بۆ چاڵاکترینیان لە ئامادەبوونی مزگەوت لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان تا ببێت با هاندەرێك و ئاسانکاریەك بۆ ئامادە بوونیان لە نوێژەکان , ئینجا لە شەوی جەژن خەڵاتەکان دابەش بکرێن بەسەر چاڵاکترینیان و , هانبدرێن بەبەردەوامیان و یارمەتی بدرێن .

## ڕێگای سی و نۆ

## ڕاهێنانی منداڵان لەسەر ڕشۆژوو و کاری چاکە

هاندانی باوك بۆ منداڵەکانی و هاوڕێ لەگەڵ کردنیان بۆ مزگەوت و دانیشگەی زیکر زۆر پێویستە , ئینجا بە مەدح و ستایش کردن و گوتەی جوان و خەڵات کردن , دابەش کردنی خواردن بۆ هەژاران و هاوسێکان بە دەستی منداڵەکانت و باس کردنی پاداشتەکەی دەبێتە هاندانێکی گەورە بۆ پەروەردەکردنی و ڕاهێنانی .

ڕەبیعی کچی موعەویز دەربارەی ڕۆژووی عاشورا دەڵێ : ئێمە لەم ڕۆژەدا بە ڕۆژوو دەبوین و منداڵەکانیشمان بە ڕۆژوو دەکرد و یاری لە پەمۆمان بۆ ئامادە دەکردن ئەگەر یەکێکیان بۆ خواردن گریابا یاریەکەمان پێ دەدا تا کاتی بەربانگ سەرقاڵمان دەکردن .

## ڕێگای چل

بۆ قۆستنەوەی خێرو چاکە با لەم جۆرە بەرنامەو بیرۆکانە لە نێوان خەڵکی گشتی بڵاو بکەینەوە و , ئەم جۆرە پێشنیارانە بە پێشنوێژخوینی مزگەوت بدەین تا خەڵك هانبدات و , خەڵکی گەڕەك بەم پێشنیارانە ئاشنا بکەین , خوا دەرگای خێرو چاکە بۆ ئێوەو ئێمەش بکاتەوە , هەر کەسێك سود لەم بەرنامانە وەربگرێ تۆش پاداشتەکەت بۆ هەیە و لە پاداشتی کەسەکەش کەم ناکاتەوە .

داوام لە خوایە سوددار بێ بۆ ئێمەو ئێوەش مۆفەقمان بکات بۆ کاری چاك و زانستی سوددار و , داوام لە خوایە بمانگەیەنەتە ڕەمەزان .. خوایە بمانگەیەنە ڕەمەزان .. پەروەردگارا بمانگەیەنە ڕەمەزان .. پەروەردگارا بمانگەیەنە ڕەمەزان و بمان گێڕە لە ڕۆژووەوانان و شەونوێژکاران , پەروەردگارا لە چاکەخوازانمان ژمار بکە و , سود وەربگرین و سودمان لێ وەربگرن . لە کۆتاییدا سوپاس و

ستایش بۆ پەروەردگارو صەڵات و سەلام بڕژێ بەسەر کۆتا پێغەمبەران موحەممەد ( درودی خوای لێبێت ) .

## کۆتایی